# کراسە کوردیەکان لەسەر ستایلی ئاڵای کوردستان

**نیشاخان لە سوید بۆمان دەنێرێت**



کراسی کوردی بەدیمەنە جوان و ڕازاوەکانی، چەندین مۆدەی جوان و قەشەنگی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژانە لەمۆدەی تازەدا کاری جوانتر و ڕازاوەتر دادەهێنرێن لەلایەن خانمە دەست ڕەنگینەکان و دیزاینەرە تازەکانی بواری فاشیۆن و کاری جوانکاری، بۆیە لەگشت وەرزەکان مۆدەی تازەی کراسە کوردییەکان دەبینین و تەنانەت پارێزگاریشیان لەشێوە کلاسیك و فۆلکلۆرەکەی کردووە بۆ ئەوەی ڕەسەنایەتی و مۆدەی کۆنی لەدەست نەدات، تەنیا گۆڕانکاری لەشێوە و ستایل و ڕەنگ و دیزاینی دەرەوە واتە دیزاینە ناسەرەکەییەکاندا دەکرێ، بەم دواییە لەلایەن کۆمەڵە دیزاینەرێك کە بەکوردش فاشیۆن ناسراون، چەندین کاری جوانیان کردووە بۆ پەرەپێدانی کراسی کوردی، بۆ نموونە: چەندین مۆدە لەکراسی کوردییان ئامادەکردووە کە لەسەر شێوەی ئاڵای کوردستانە و ئەمەش بەچەندین دیزاین و ستایلی جیاواز، هەندێك لەو کراسانە،جلەکەسەرتاپای لەشێوەی ئاڵای کوردستان نەخشێنراوە.




## هاوڕەنگی لەدیکۆری ژووری نووستندا


دیکۆر لەهەر لایەنێکەوە سەیر بکرێ، دەبێ بەجوانترین نشونما کاریگەری جوانی خۆی هەبێ و تاڕادەیەکیش سەرنجڕاکێش بێ، بەمجۆرە دەکرێ شێوازەکانی جوانی لەدیکۆرەکان بەدی بکەین، تەنانەت دیکۆری ماڵ یەکێکە لەگرنگترین دیکۆرەکان بۆ جوانییەکی ڕەها کە خەسڵەتی هێمن کەرەوە و ناسکیش ببەخشێ، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگییەکی تەواوی هەیە لەبەهاکانی خۆی کە لەهەر بەشێکی ماڵدا دابنرێ، یەکێك لەو دیکۆرانەی جێگەی گرنگیدانە، ئەویش بریتییە لەژووری نووستن، کە جێگەیەکە بۆ ئارامی و حەسانەوە، بەمەش دەبێ گشت مەرجەکانی پێداویستییە تایبەتەکانی دیکۆر لەخۆ بگرێ، لەوانە: ڕەنگ و دیکۆر و کەرەستە و شوێنی دانانی کەرەستەکان لەشوێنی خۆیان بن، بەڵام گرنگترین بەشەکان لەژووری نووستن، بریتییە لەڕەنگی ژوور و کەرەستەکان، کە ئەو دوو هۆکارە بەهای دیکۆری ژوورەکە دەردەخەن، بۆ تازەترین دیکۆرەکان کە یەکێك لەگرنگترین مەرجەکانی، دەبێ ڕەنگی ژوورەکە یان کەرەستەکان هاوڕەنگ بن، بەمەش گەورەترین سەرسامی دروست دەکات.

## دەست ڕەنگینی بۆ دروست

کاری دەستکرد یەکێکە لەبەهرە و دەست ڕەنگینی خانمان بەگشتی و کچانیش بەتایبەتی، هەروەها زۆربەی خانمان حەز بەکاری دەستی دەکەن و دەتوانن لەکەرەستەی زۆر بچووکەوە شتێکی گەورە و جوانی لێوە دروست بکەن، بەجۆرێك کارێکی بەئەمەك و شایستەی لێ دەربچێ، بەمەش جگە لەوەی دەست ڕەنگینی ئەو خانمە دەردەخات، هەروەها







# چاوێلکە شێوە لارەکان مۆدەم بۆ وەرزی داهاتوو



وەرزی زستان بەرەو کزی و کۆتایی دەچێ، بەمەش کـەش و هەوای ئـەو وەرزە بـەرەو گۆڕانکاری دەچـێ و بەرەو کەشـێکی خۆش و ناسـك ڕێگە دەگرێت، مۆدەی ئەو ئێکسسـوارە دەردەکەوێتەوە کاتێك لەگەڵ ئەو وەرزانە دەگونجێن کە وەرزێکی ناسـکە لەکەش و هـەوادا، وەك وەرزی بەهار و هاوین، یەکێك لەجوانترین و بەسـوودترین ئێکسسـوارەکان کە لەم دوو وەرزە دەپۆشـرێ، بریتییە لە(چاوێلکە)کان، کە جگە لەوەی مۆدەیەکە بۆ جوانکاری، لەهەمان کاتدا سـوود بە چاوەکانیش دەگەیەنێ بۆ پاراسـتن لەتیشکی خۆر و هەوای سارد و گەرم، گرنگی چاوێلکەکان لەجوانی شێوەی پێشەوەیانە، بەتایبەت ئەو شووشەیەی کە دیمەنی پێشەوە دەردەخات، بۆ مۆدەی ئەوساڵ و ئەو وەرزەی داهاتوو، ئەو چاوێلەکانە دەبنە بەمۆدە کە شـێوەی پێشـەوەیان لارە، واتە بەرەو ژوورەوەی چاوەکانە، هەروەها بوونی نەخش و سـتایل لەسـەر ئەو لێوارەی کە دەچێتەوە سەر گوێچکە، بۆ ئەوەی لەتەنیشتەکانیشەوە جوانییەکی هەبێ.

# ئەڵقە بۆ زیاتر لەپەنجەیەکی دەستی خانمان



ئێکسسـوارەکان بەگشتی سەرمایەیەك لەجوانی دروسـت دەکـەن، کاتێك خانمان بەشـێوەیەکی دروسـت هەڵیدەبژێـرن و دەیپۆشـن، بەتایبەت ئەوانەی شێوەیەکی بچـووك و جوانییەکـی گەورەیان هەیە، تەنانەت لەگـەڵ جوانییەکەی هێمایەکی تایبـەت لەخۆ دەگـرێ و دەبێتە یەکێك لەجوانترین ئێکسسـوارەکان، ئێکسسواری ئەڵقە و ئەنگوسـتیلە، ڕۆڵێکی گرنگتر دەبینن لەئێکسسـوارەکانی دیکە، بەهۆی ئەوەی لەشوێنێکی بەرچاوە و بەشێوەیەکی ڕازاوەتـر دەردەکـەوێ، چونکـە جوانی دەسـتەکان بەلای خانمانـەوە بەرێژەیەکی بەرزتر لە جوانـی دادەنرێ، بەهۆی بوونی ئـەو ڕێژە زۆرە لەشـێوە و جۆرەکانی ئەڵقە و ئەنگوسـتیلەکان، کە وادەکەن هـەر خانمێـك جۆرێك لـەو مۆدە و شـێوانە بپۆشن کە شـیاوی جوانترین شـێوە بن، یەکێك لەمـۆدە جوانەکانی ئەڵقـە و ئەنگوسـتیلەکان لەسـاڵی (٢٠١٢) دەرکەوتـووە، ئەویش جۆرێکە کە دوو یان زیاتر لە دوو پەنجە دەگرێتەوە و بەپێچەوانەی مۆدەی پێشوو کە لەیەك پەنجە دەخرا.

# ـــــکردنی گوڵ لەگەڵای دار

کەرەستە و ماددەیەکی جوانی لێدەردەکەوێ، بـۆ نموونە: دەتوانین لەگـەڵای دار و بار، جوانترین شێوەی گوڵ دروست بکەین، ئەوەش بەچەند هەنگاوێك دەبێ و بەکاتێکی کەمیش دەکـرێ گوڵێکی جوان و ناسـك لەگەڵای دارەکان دروسـت بکەن، ئـەم هەنگاوانەش بەوێنـە ڕوونی دەکەینـەوە و ئێوەش لەلایەن خۆتانەوە کاری لەسەر بکەن.








# شەڕە بەرد لە هەولێر!

شاری هەولێری سەرورەرییەکی گەورەی هەیە لەمێژووی کوردستان، ئێستا پایتەختی کوردستانە و بەچەندین سەدە تێپەڕییەوە و چەندەها کاری سەیر و جوانی لێ دەرکەوتووە، لەسالانی کۆندا هەولێر بچووك بووە، بەلام لەم چەند ساڵانەی دواییدا پێشکەوتن و گەورەبوون و فراوانبوونێکی بەخۆوە بینیوە، ئەوانەی بەتەمەنن بیرەوەری ڕۆژانی ڕابردوو یادگاری ئەمڕۆی قسە و باسەکانیانە، ئێمەش یادگارییەکی خۆش و جوان دەخەینەوە بیر ئەو کەسانە و وەك زانیارییەکی تازەش بەگەنج و لاوانی دەبەخشین، لەساڵانی نێوان (١٩٣٦ تاوەکو ١٩٦٠) شەڕێکی سەیر هەبوو لەشاری هەولێر، کە لەنێوان خەڵکی قەڵات و گەڕەکی تەیراوە هەبوو، ئەو شەڕەش بە(بەرد) دەکرا کە ئەوانەی قەڵات لەسەرەوە ئەوانەی خوارەوەیان بەرد هاوێژ دەکرد و ئەوانەی خوارەوەش وەڵامی بەرد هاوێژتنەکانیان دەدانەوە، ئەو تابلۆیە گوزارشت لەو جۆرە شەڕە دەکات و دەگێڕننەوە و دەڵێن : زیاتر ئەو شەڕە بەردە لەوەرزەکانی (بەهار و پاییزدا) ڕووی دەدا، مەسەلەکەش تەنیا خوێك بووە و بەرامبەر یەکتر، وەکو ئەوەی بوویێتە نەریت و شتێکی لاسایی.



# وەستان بەسەر بزمارەوە!

کارە سەیرەکان جێگەی نیگەرانی و سەمەرەن، چونکە لەبەرچاوی خەڵکەوە کەسانێك هەن، جۆرە نمایش و کردارێك دەکەن، کە لەبیر و هەستی مرۆڤ دوورە، ئەمەش وادەکات کە ببن بەکەسانی سەیر لەبەرچاواندا، لەزاری ڕۆژنامەی (سەن) ی بەریتانی کە پیاوێکی چینی بەناوی (لی شین) توانی سەیرترین نمایش بۆ ساڵی (٢٠١١) ئەنجام بدات، ئەویش کاتێك بەسەر سەرییەوە توانی لەسەر بزمارێك بوەستێ بەسەراوژێری، واتە لەسەر بزمارێك بوەستێت لەرێگەی سەرییەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کێشی ئەو پیاوە (٦٠) کیلۆگرام دەبێ، کاتی وەستانەکەش بۆ ماوەی (١٠) چرکە بوو. لە نەوەدەکانی سەدەی رابردووش یاریزانی کۆنفۆ یادگار عەبدڵلا دەیتوانی بزمار بەناوچەوانی دابکولێ






# ڕادیۆ کۆنەکان یادگاریمان بەبیر دەهێننەوە

ڕادیۆ یەکێکە لەو ئامێرە ڕاگەیاندنە کۆنەی کە مێژوویەکی درێژی هەیە، لەساڵی (١٩٠١) داهێنرا لەلایەن زانای ئیتاڵی مارکۆنی، کە ئامێرێکی دەنگە و دەچێتە گوێچکەی گشت کەسێك و هەریەك لەئێمەش یادگاریمان لەگەڵ ئەو ئامێرە بچووکە هەیە، زۆر جار دەبینین پیاوێکی پیر ڕادیۆیەکی بچووکی بەگوێچکەی خۆی وەناوە و خۆی بە جیهان دەبەستێتەوە، یان خانمێك لەماڵدا خەریکی ئیش و کارە و ڕادیۆکەی پێکردووە، کە ئامێرێکی گرنگ و تایبەتە، ڕەنگە هەموومان زۆرجار ئەو شێوە ڕادیۆیەی جارانمان لەهەندێ ماڵی کۆن یان ئەنتیکەخانەکان بینیبێت، ئەو ڕادیۆ کۆنانە سەرەتا و شێوازی کۆنی ڕادیۆ بوو کە لەساڵانی زووەوە هەبوون، تەنیا لەچەند شوێنێك و بەدەگمەنی بەرچاو دەکەوت، ئەوەی شایەنی باسە مانەوەی ئەم شتە کۆن و دەگمەنانە خەرمانێکە لە ئەنتیکەخانەی کوردی و ئەوە دەردەخات کە لەزووەوە ئەو ئامێرەیان بەکار هێناوە، ئێستاش ڕادیۆ زیندووە و بۆ نموونە لەزۆربەی جۆرە هاندەکانی مۆبایل دانراوە و ئیش دەکات.





## هاوشێوەی کریستیانۆ خەڵکی کرماشانە



...ۆرن ئەوانەی ش...
...ەتایبەت ئەوانەی...
...ەندێك لەخەڵك لەد...
...ێوەیان دەچێتەوە ...
...ەك ئەوەی لەشێوەی...
...ان هەندێك خەڵك ...
...ەر کەسایەتی...
...ۆ نموونە ئەو...
...نۆدشە)ی سەر...
...ەئێران، شێوەی...
...ێوەی یاریزانی...
...کریستیانۆ ڕۆناڵد...
...وی (گۆڤان)ە، ئ...
...ەلاسایی کردنەوەی...
...ژ داهێنان و تەنا...
...ریستیانۆدا وێنە...
...ەوەی شێوەیان و...
...ێوەیان لەیەکتر دەچێ.




## زەیتوونەی ڕاستەقینە ببینە!

بێگومان هەموومان کارتۆنی (پاپای)مان بینیوە، کە ئەو پیاوەی هەردەم ڕێکلام بۆ (سپێناخ) دەکات، لەو کاتەی قووتوێك سپێناخ دەخوات و بەهێز دەبێ، لەم کارتۆنییەدا زیاتر گرنگی بەخواردنی سپێناخ دەدرێ، کە سەوزەیەکی بەهێز و باشە بۆ جەستەی مرۆڤ، بۆیەش ئەوەندە گرنگی پێدراوە، لەم کارتۆنیە کچێکی لاواز و ڕەق و تەق هەیە ناوی (زەیتونە)یە، کە خۆشەویستی پاپایە و بەردەوام شەڕی لەسەر دەکات، خاوەن قاچێکی باریك و ڕووخسارێکی سەیرە، وادیارە بەم دواییە کچێك ناوی (لیسا)یە لەوڵاتی سکۆتلەندا، هەمان شێوەی ئەو کچەی ناو کارتۆنەکەی هەیە و لەڕووخسارەوە و تەنانەت لەلووت و دەم چاویشیەوە لەو دەچێ، خۆتان وێنەکە ببینن و حوکمی لەسەر بدەن.



## نوکتە




- دزێک ئەچێت بۆ سەر قەبران بۆ دزی لەو کاتەدا پۆلیس دێت، دزەکە دەچێتە سەر قەبری منداڵێك و دەست ئەکات بە گریان پێی ئەڵێن ئەوە چیتە تۆیە وا بۆی ئەگرییەیت؟ ئەویش دەڵێت باوکمە. پدەڵێن ئەی بۆ ئەوەنە بچووکە؟ ئەویش دەڵێ : ئاخر بە منداڵی مردووە.!

* * *

یەکێك لەچینیەك دەپرسێ: ئەرێ داهێنانەکانتان گەیشتۆتە کوێ؟ ئەویش دەڵێت ئێستا دەتوانین مانگە دەستکردەکان لەئاسماندا چاک بکەینەوە و خۆشمان لەسەر زەوی بین، ئەویش دەڵێت: -وەڵا موهیمە، یەعنی دەرنا فیزەکەتان ئەوەندە درێژە!!!

## دیوانە شیعر



**گۆرانی شاعیر دەڵێ :**

**تۆ بۆم بڵێ بەلەرەی لێو**
**لێوی ئاڵتر لەبەرگی سێو**


**لەسەر تانگۆی ئاواتی دڵ**
**منیش و تۆش بینێتەکوڵ**

**منیش وەکبۆم وتی نەورۆز**
**گۆرانی کۆنی گەل و هۆز**

**وا دوبارە گۆرانی دڵ**
**ئەمخاتە سەر خرۆش و کوڵ**

**من بۆت ئەڵێم تۆ گوێت لێ بێ**
**سڵاو پاسەوانی ڕێ بێ**

س: ماڵێك بۆ شیعری کوردی



ئا: جەلال جرجیس شێر

## ئاسۆیی:

١- کچە گۆرانیبێژێکی کوردە خاوەن وێنەکە- چیرۆکێکی تەلەفزیۆنی کوردی یە
٢- پایتەختی وڵاتێکی ئاسیایە(پ)- گیانلەبەرێکە- خاوێن.
٣- سێ پیتی ساعات- وڵاتێکی ئەوروپیە.
٤- مرد(ت) – دوو پیتی گێتس- یانەیەکی فەرەنسی یە.
٥- وازی(ت)- ڕووبارێك لە ئەوروپا(پ).
٦- ناوێکی کچانە(پ)- هێز.
٧- گۆرانی بێژێکی تورکە(پ).
٨- سێ پیتی ئوتو- ڕوخسار(ت).
٩- پایتەختی وڵاتێکی ئەفریقیە(پ)- جۆرە ئۆتۆمبێلێکە.
١٠- ئامێرێکی مۆسیقایە(پ)- وڵاتێکی ئەمریکییە(پ).
١١- تۆ بە E- هەوا- گۆڤارێکی کوردی یە.
١٢- پیتێکی مۆسیقایە- سەرۆکێکی ئاسیایی بوو.

## ستوونی:

١- گۆرانی بێژێکی کوردە.
٢- ڕجا(پ)- منداڵی بوو- پەیامبەرێکە.
٣- ئەکتەرێکی شاری هەولێرە.
٤- بەشێکە لە لەش(پ)- پایتەحتی وڵاتێکی ئەمەریکیە.
٥- بێ دەنگ- چیایەکی کوردستانە.
٦- قژ – ڕەنگێکە.
٧- ژنە شاعیرێکی کوردبووە.
٨- جۆرە قوماشێکە(پ).
٩- گۆرانی بێژێکی فارسە.
١٠- هاوینەهەوارێکی کوردستانە(پ)- الیمین(ت).
١١- نیوەی زاخۆ- دامەزرێنەری حزبی شیوعی.
١٢- کچە گۆرانیبێژێکی کوردە(پ)- دوورەنگی دژی یەك(پ).

## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (شێخان) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣+٤) کۆ بکەیتەوە بەمانای (پێچەوانەی سارد)
- پیتی خانەکانی (٤+٦+٧) کۆ بکەیتەوە بەمانای (پیاو بەزمانی ئینگلیزی)
- پیتی خانەکانی (٧+٦+٣) کۆبکەیتەوە بەمانای (ئاگر بەزمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (٣+٥+٤) کۆ بکەیتەوە بەمانای (ناوێکی کۆن بۆ پاسە کۆنەکان)